
# IV
# دەزگاکانی کـــاروانسەرا


## أ- مزگـــەوت

بۆ پێویستی ئـاینیی کـاروانچی و موسـافیران کـە زۆربـەی زۆریـان خـەڵکی موسـڵمان بوونە لەو وڵاتانە، نزیکە لە هەموو کاروانسەراکان شوێننوێژێك دروسـتکراوە. جگـە لـە خانە گەورە شارییەکان، ئەوانەی ڕاستەوخۆ مزگەوتێکیان لـە پـاڵدا بـووە، هـەندێ جـار ئـەوە بـە پێویسـت نـەزانراوە. سـادەترینی ئـەو جێنوێژانـە بریتـی بـوون لـە کونجـی میحرابێـك کـە وەکـو تاکـە دیوارێکـی وەسـتاو لەسـەر سـەکۆی حەوشـەی خانـەکان دامەزرێنراوە. میحرابی خانی (مەحاویل) (تەختە VIII) پێکهاتووە لە کونجێك کە بـە کەوانەیـەکی گۆشـەتیژ سـەری گـیراوە و نەخشـەی ئاسۆییشـی بریتییـە لـە نیـوە هەشتگۆشەیەك، کە چواردەوری بە هۆی دیواری کەرپوچیی بـە چوارگۆشـەیی گـیراوە و بە هێڵکاری جوانکراوە. ناوەوەی کونجی میحرابەکەو کووزە گومـەزە کەوانـە تیژەکـەش نەقشونیگاری تێداکـراوە. هـەمان شـێوە دەزگـا لـە خـانی مەحموودیـەو مەشـاهید و هەندێکی تر دەکەونە بەرچاو. وا پێ دەچێـت کـە ئـەو ڕووگـە وا ئـازاد دامەزراوانـە لـە کاتە نوێکان هاتبنە ئارا. لە کاروانسەراکانی کۆنتر ژوورێکـی تایبـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە تەرخانکراوە. بۆ نموونە لە خـانی (ناسـریە) (وێنـە ٧) ئـەم ژوورە دەکەوێتـە باشـووری دەروازە. بـە هـۆی پلیکانەیـەکی دوو پلـەیی دەچیتـە نـاو ئـەو ژوورە کـە درێژایـی سـێ کونجی داگیرکردووە. کـە بـە کورتـە دیوارێـك لـە پشـتیرەکەی تەنیشـتی دابڕێـنراوە. لـە

ناوەندی ئەو دیوارە، میحرابە بە کەرپوچی ڕەنگاوڕەنگ ڕازاوەکەی بە ئازادی بەرزکراوەتەوە. لە خانی (بارور)ی (تەقتەق)، ژوورێکی تەواو تایبەت و جیاکەرەوە لە ڕۆژئاوای دالانی دەروازە بۆ ئەم مەبەستە جیاکراوەتەوە، کە هەر لە دالانەکەش دەرگای بۆ کراوەتەوە و لە دیواری باشووریشی ڕووگەیەکی شێوە نێوە بازنەیی بۆ دروستکراوە. لە خانی (چەرنینە)ی سەر ڕووباری دجلەش، کونجی میحرابێکی نەقشونیگاردار کە لەسەر سێ ستوونان دامەزراوەو بە کەوانەیەکی تیژی ئێرانیی سەری گیراوە، بە تایبەت لە ژوورێکی فراوانی لای باشووری دامەزرێنراوە، کە هیچ پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ژوورەکانی تری کاروانسەراکە نیە (وێنە ٥٣).



وێنە ٥٣: مزگەوتەکەی ناوخانی چەرنینای سەر دجلە




وێنە ٥٤ کاروانسەرای زاگۆبان لە ئورفە.
دیمەنێك لە حەوشەوە کە مزگەوتەکەشی دیارە

چۆن ژوورەکە لەلای پێشەوەی داخراو بووە، بە هۆی وێرانبوونی دیوارەکانی ناتوانرێت بزانرێت. کاروانسەرای (زاگۆبان)یش لە شاری ئورفەدا (وێنە ٥٤)، لە سەرەوەی دالانی دەروازە لە نهۆمی سەرەوە خاوەنی مزگەوتێکی تەواو داخراوە، کە بە هۆی گومەزێك و منارەکەی تەنیشتی خۆپێشانی دەرەوە دەدات. لە شوێنەکانی تر، بۆ نموونە لە (کەفیل)ی باشوری شاری بابل خانێك ڕاستەوخۆ لە تەنیشت مزگەوت دروستکراوە و ئیتر شوێنی نوێژ لە خانەکە پێویست نەبووە. مزگەوتەکە بەشێکی باڵی خوارووی خانەکەی داگیرکردووە و لە حەوشەی خانەکەش دەرگا بۆ مزگەوتەکە کراوەتەوە.

لە کاروانسەرای سەلجووقەکان، لە ئاسیای بچووك هەمیشە مزگەوت خانوییێکی سەربەخۆ بووە لە ناوەڕاستی پێشحەوشەداو ڕازاوەترین بەشی کاروانسەرا بووە. لە خانی (ئیسحاق)ی نزیك (چای) لەسەر ڕێگای ئەنادۆل، کە لە دەوروبەری ساڵی ١٢٢٠ لە

لایەن (کەی کاوسی دووەم) دروستکراوە، هەروەك لە خانی (سولتان)یش، لە نهۆمی سەرەوە، بینایێکی چوارگۆشە لەسەر ڕووی خاچە گومەزێك ڕۆنراوە و ژووری نوێژکردنی تێدایە (وێنە ٥٥). لە ژێرەوەشی تەنها بیری ئاو و جێگای دەسنوێژشوشتنی لێ دامەزرێنراوە. ئەوەیان لە خانی (ئیپەك)ی شاری (بروسە) بە تەواوی وەکو خۆی ماوەتەوە[٣٧]. لەو خانەدا حەوزی ئاوەکە ژووری نێوان هەشت ستوونی بە تەواوی داگیرکردووە، سەری ستوونەکانیش بە هۆی کەوانەیەکی بازنەیی پێکەوە بەندکراون، لە ناوەندی حەوزەکەش ستوونێکی بڕگە بازنەیی بەرزبووەتەوە. پەیژەیەکی ئازادی لەدار دروستکراو دەچێتە ناو مزگەوتەکە. (زارا)[٣٨] باوەڕی وایە کە مزگەوتەکەی خانی سەلجوقەکانیش ئەو پەیژەیەی هەبووە، بەڵام شوێنی نەماوەو ناناسرێتەوە. وێنەیەکی ئەوەی کە لە ئاسیای بچووکیش ژووری سادە بۆ جێنوێژ دروستکراوە، لە خانی (ئاك)ی (گوندیار) دەبینین، کە مزگەوتەکەی خراوەتە گۆشەیەکی حەوشەکەی.



وێنە ٥٥: خانی ئیسحاق. مزگەوتی حەوشەکەی


لە (Sarre, Reise in Kleinasien 1895. Tafel VIII) وەرگیراوە.

## ب- بیری ئاو

مسۆگەرکردنی ئـاوی پێویسـت، بـۆ هـەر کاروانسـەرایێك پرسـێکی گرنـگ بـووە. بـۆ کاروانسەرای سەر ڕێگاوبانی وڵاتـەکان لەوانەیـە گرنگـترین پـرس بووبێـت. بۆیەشـە بـە گشتی لەو شوێنانە بیناکراون، کە جادەکان بە نزیکی سەرچاوەیەکی ئاو تێپەڕیون، یـان بـە پـاڵ تـۆڕی کـەناڵی ئاوەکـان، وەکـو لـە میزۆپۆتامیـا بـە هـەموو لایێـك داکێشـراون و ناوچەکانیان ئاودار کـردووە. تـەواوی وەسـتگاکانی سـەرجادەی بـەغدا بـەرەو شـارەکانی کەربــەلاو حلــە دەکەونــە، یــان کەوتبوونــە ســەر ئــەو کەناڵانــە. ئەگـــەر بـــە هـــۆی فەرامۆشکاری ئاوی کەناڵێك وشك بووایەو چیتر ئاوی دجلەو فوراتی تێ نەڕژابایە، ئەوا کاروانسـەراکەی ڕۆخیشـی تووشـی هـەمان چارەنووس دەبــووەوە، چونکـە بـە ناچـاری کاروانچیان ڕیگای خۆیان دەگۆری و جادەکان بەرەو شوینیکی کەنالیکی تـر دەگـۆرا، کـە هیشتان ئاوی تیدا هەبووە. بەو شیوە خانە کۆنە قەشـەنگەکانی (ئەسـەد) و (بئـرالنـێ) (بـیری ناوەراسـت، چونکـە وەسـتگای ناوەراسـتی جادەکـە بـووە بۆیـە وای پـێ گوتـراوە)، ناسریە، کەنالەکانیان وشـکبوون و تووشـی ویرانـی بـوون و هاتوچۆکـەران سـوودیان لـە بینا نویکانی خانی مەحاویل و حەسوە و مەحموودیــە وەرگرتـووە. ئـەوەی دواییـان بـە هـۆی گونجـاوی شـوینەکەی و دەولەمـەندی کەنالـە ئاوەکــەی، لــە لایــەن دەولەتیشــەوە پاریزگاری لی دەکرا، تەنانەت شوینەکەی پەرەی سەندو بوو بــە ئـاواییك. وازهینـان لـە هەندێ کۆنە کاروانسـەراو گۆرانـی ریگـای کاروانچیـەکان لـە جادەکـانی نیـوان کەربـەلاو نەجـەفیش دەکەویتـە بـەرچاو. خــانی (جیتــان) نزیکـە نیـو کــاتژمیر رێ دەکەویتــە خواروی جادەی سەر ئاوەکە.

لە جۆگە ئاوەکانەوە بە دەست، یان بە هۆی کەروتیری ئاو، ئـاو دەگوازنـەوە بـۆ نـاو کاروانسەراکان و ئاوەکە رووەکەنە ناو کوپە ئاوی گەورە. ئـەو کوپـە ئاوانـە خراونەتـە

ئـەو ژوورانـەی کـە هـەتاو لێیـان نـاداو سێبەرن، ئیـتر بـە هـۆی هـەڵمین لـە مانگـەکانی هاوینیش ئەو ئاوانـە فێنـك دەبنـەوە. لـەو شـوێنانەش کـە ئـاوی جۆگـەکان لـە تـەواوی مانگەکانی ساڵ ئاویان پێدا نـاڕوات، ئـەوا بـیری ئـاوی تایبـەت وەك یـەك لـە حەوشـەی کاروانسەراکان هەڵکەنراون. سادەترین شێوەی بیرەکانیش، چاڵە بـیرە سـەرواڵاکانن، کـە گرگرەیـەکی خراوەتـە سـەر و بـە هـۆی شـۆڕکردنەوەی سـەتڵ یـان دەولـك ئـاوی لێ هەڵدەهێنجن. لە خانی (موسـەللا)ی نەجـەف لـە هەریـەك لـە دوو حەوشـەکەی بـیرێك هەڵکەنراوە، کە بە هۆی پلیکانەیەکی داپۆشراوە دەچیتە سەر ئاوەکان بـە گومـەزێکیش سەری بیرەکان گیراون (وێنە ٥٦). لە لوتکەی گومەزەکەش، کلاوێکی تری گومەزی چـوار پەنجـەرەیی سادە بەزرکراوەتـەوە بـۆ هـەواگۆڕی و ڕوناککردنـەوەی نـاوەوەی بیرەکـە، پەنجـەرەکانیش وا دامـەزرێنراون کـە هیـچ تیشـکێکی هـەتاو ڕاسـتەوخۆ لـە ئاوی بیرەکە نەدات.




وێنەی ٥٦: بیرە ئاوەکەی خانی مۆسەللای نەجەف

له خانی (پاسنگان)ی ئێران بیری ئاو خراوەتە ژێر سەکۆی ناوەڕاستی حەوشە. لە ناوچەکانی باکوور، بە تایبەت لە ناوچە شاخاویە بەرداویەکان، کە لێدانی بیر کارێکی ئاسان نیە، خەڵك ئاوی باران لە ئاوباری تایبەت کۆدەکاتەوە بۆ مانگە کەمبارانەکان. بەم شێوە دەبینین لە خانی (بارور)ی (تەقتەق)ی شاخاوی، لە تەنیشت خانەکە ئاوبارێکی گەورە دامەزرێنراوە و دیوارەکانی لە بەردی کوتراوە و (نەقاڕی) بە نەقش و نیگار ڕازاوەتەوەو دەتوانێت بڕێکی زۆر ئاو هەڵبگرێ.


له کاروانسەرا شارییەکانیش باشترە کە ئاوی پێویست هەر لە ناوەخۆی دابین بکرێت، ئەوکاتە پێویست نیە گیانەوەرەکانی ناوی بۆ ئاودان ببرێنە شوێنێکی دوور. بەڵام لە خانی (ماردین) کە ڕاستەوخۆ لە دامێنی شاخێك لەسەر تاشە بەردان ڕۆنراوە، ئاوی ڕاستەوخۆی تێدا دەستناکەوێت، ناچار بە هۆی وڵاخی بار ئاو لە دۆلەکەی ژێریەوە دەهێنن، کە ئەوەش زۆر گران دەوەستێ. زۆربەی ماڵەکان بیر یان حەوزی ئاویان هەیە، تاقە خانێك هەیە لە شارەکە بە ئانقەست لەسەر کانیاوێك دامەزرێنراوە، تا هەر نەبێت مێوانەکان بتوانن ئاوێکی سازگار بخۆنەوە. پێشی کانیاوەکە بە دیوارێکی کەوانەیی تیژ گیراوە و ئاوی کانیەکە بەردەوام دەڕژێتە ناو چەند کوپە ئاوێك و کۆدەبێتەوە.

لە خانی (گومروگ)ی ئورفە (تەختە IX) و خانی شا (سولتان حوسێن)ی ئەسفەهان تەواوی پێویستیەکان تێیاندا بە شێوەیەکی سروشتی دابین کراوە. بەناو هەریەکێکیان لەوانە جۆگە ئاوێکی دەوڵەمەند گوزەر دەکات. کە بەشێکیان بە گومەزێکی تونێلی کەوانە تیژ و بەشێکیشیان بە کاشی حەوشە داپۆشراون. لەو شوێنانەشیان کە ئاوەڵان پلیکانەیان لە بەردی نەقاڕی بۆ خۆشکراوەو دەتوانرێت بە ئاسانی بگەیتە ئاوەکە. لە خانی گومرۆك جۆگاوەکە مەترێك بەرینەو بە دوو پلیکانە دەیگەیتێ. لە خانی شا سوڵتان حوسێن بە سێ پلیکانە دەگەیتە جۆگاوەکە کە ٦,٥ م بەرینە، ئەم جۆگەیان بە هەردوو حەوشی خانەکە گوزەر دەکات. لە حەوشەی یەکەمیندا باوەڕدارەکان دەسنوێژ و شوشتنکاری خۆیان جێبەجێ دەکەن، لە حەوشەی دووەمیندا کەر وڵاخی کاروانچییان ئاو دەدەرێن و تێدا خاوێندەکرێنەوە. بەڵام لە خانی گومروگدا ئەو فەرش و بەڕانەشی تێدا دەشۆرێتەوە، کە لەوێ دێنە بەرهەم.




**وینه ٥٧: بیری ئاوی خانی ئەلوەزیر لە حەلەب**

زۆربەی کاروانسەراکان پێویستیەکانی خۆیان بە هۆی بیری کەم یان زۆر قوڵی حەوشەکانیان دابین دەکەن. ئەو بیرانەش سەروالآیان داپۆشراون، لە لادێکانیش دامودەزگای پێویستی شۆڕکردنەوەی دەولکیان لەسەر دروستکراوە (تەختە IX). بەڵام ئەگەر هەر بۆیان کرابێت، ئەوا ئاویان لە کانیاوێك یان جۆگاوێکی نزیك بۆ ناو کاروانسەراکە ڕاکێشاوە، حەوزە بازنەییان هەشتگۆشەییەکانیان پێ پڕکردووە. لە شاری بە ئاو دەوڵەمەندی شام، لە ئورفەو دیاربەکر (ئامەد) وەکو هەموو ماڵێك لەهەر خانێك حەوزە ئاوێك هەیەو پێی دەڵێن (بەحر Baher). ئەوانەی شام سەروالآن چونکە دەکەونە ناو هۆڵەکانی ناوەڕاست. کەچی ئەوانەی حەلەب و دیاربەکر و شارەکانی تر بە ژووری سەرنجڕاکێش و قەشەنگ داپۆشراون (وێنەکانی ٥٧ و ٥٨).




وێنە ٥٨: خانی حەسەن پاشا لە دیاربەکر. دیمەنێك لە حەوشەکەیەوە کە بیرە ئاوەکەشی تێدا دیارە.

## ج-پشتیر و ژوورەكانی حەوانەوە


كەلوپەلی ناو ژوورەكانی كاروانسەرا، تا خەیاڵ كەیت سادەن، مۆبیللاتی وەكو تەختی خەو، كورسی یان مێز لە هیچ شوێنێك ناكەوێتە بەرچاو. هەر ئەو شتانەیان تێدا هەن كە ڕۆژهەڵاتییەكان بۆ خۆراك و چێشتلێنان و پشوودان پێویستیان پێ هەیە. بۆ پیاوماقووڵەكان چەند ڕایەخ و سەرینێك دەخرێنە ژوورێكی زەوی ڕووت بۆ شەونخوونی. بەڵام موسافیرە هەژارەكان پاڵتۆكانیان لە خۆیان دەئاڵێنن و لێی دەخەون. ژەمەكانیشیان بریتین لە نان و میوەیەك. ئەگەر هیچ قاوەخانەیەكیش لەو نزیكانە نەبێت، ئەوا لای هەموو خانچییەك قاوە هەر دەستدەكەوێت. پیاوی دەوڵەمەندیش خواردنێكی گەرم بۆ خۆی لێ دەنێت، یان لە ئاواییە نزیكەكان بە پارە پەیدای دەكات. بۆیەشە لە هەر كاروانسەرایێك ژوورێكیش بۆ چێشتلێنان تەرخانكراوە. بۆ قاوەلێنانیش لە زۆربەی كاروانسەرای نێوان شارەكان لە ژووری پاسەوانان، یان لە تەنیشت ڕاڕەوی دەروازە ئاگردانێك لە خشتی سوورەوە كراو چێكراوە و بەردەوام بە سەرگینی وشككراوە، یان تەپالە ڕیخ ئاگری تێدا جۆش دەدرێت و نزیكە هەمیشە دەم جەزووی قاوەی لەسەرە. زۆربەی ئەو ئاگردانانە شێوەی نیوەبازنێكیان هەیەو بە كەوانەیەكی تیژ سەرگیراونو لە گۆشەیەكدا سازكراون. خانەكەی مەحموودیە وێنەیەكی باشی ئەو ئاگردانانەی تێدایە (تەختە IX).

كونجە والآكان، یان ژوورە داخراوەكان زۆربەی جاران تەنها دیوارێكی سواقدراوی ڕووتیان هەیە. عەردی كونجەكان وەكو عەردی سەكۆی حەوشە نزیكەی مەترێك لە زەوی ئاسایی بەرزترەو وەكو دیوارەكان خشتڕێژ كراوە و هەندێ جار دیوارەكان بە گەچ مالدراون. بە هۆی پلەیەك یان دوو پلە سەردەكەویتە ناو كونجەكان، ئەو پلانە لە پیش كونجەكان دروستكراون، یان تێكهەڵكێشی زەوی كونجەكە كراون. لە هەموو

ژوورەكان دوو ریز دەلاقەی[٣٩] سادەش لەسەر یەكتر سازكراون، كە میوانان كەلوپەلی خۆیانی لێ دادەنین (وێنە ٥٩ و ٦٠). لە كاروانسەرای ناوچە باكوورییەكان ژوورەكان كونجێكی نیوە بازنەییشیان تێدایە، كە دووكەلكێشی تیا چۆتە سەربان، بۆ ئەوەی كە لە كاتی پێویست ئاگری تێدا بكرێتەوەو میوانان خۆ گەرمبكەنەوە. لە كاروانسەرا شارییەكانی ئاسیای بچووك، پێشەوەی ژوورەكان بە پەرژینێكی دارین داخراوە، كە زۆربەی وەختان موسافیران لەو پێشژووره لەسەر تەختەداری شێوە مێزی بچووك ژەمەكانیان بە ئیسراحەت دەخۆن. هەروەها سەربانەكان تەختن و زۆربەی جاران پتر لە پەیژەیەكیان دامەزراوە. لەمانگەكانی هاوین بۆ نووستن بەكاردەهێنرێن.




وێنە ٥٩: شێوەی كونجەكانی ژووری میوانان



وێنە ٦٠: دیمەن و برگەی كاروانسەراییك. برگەكە كونجەكانی حەوانەوەو ڕاڕەوی پشتیری بڕیوە.

بۆ ئەوەی لە باو لە چاوی دەرەوە بپاریزرین ستارەیەکی بەرزیان بۆ دروستکراوە. بۆ ئاوی بارانیش سولاوکەی ئاو لەناو دیواری دەرەوە دروستکراوە و ئاوی سەربان دەباتە دەرەوە، یان لە لیواری سەربانەوە بەرەو حەوشە چیکراوە. لە شارەکان ئەو سولاوکانە زۆربەی وەخت لەبەرد دروستکراون، لە میزۆپۆتامیا لە خشتی سوورەوەکراو (وینە ٦١).


کونجی فرۆشگاکان کە کەوتوونەتە پال بەشی دەروازە هی ئەو کاروانسەرایانەی کە کەوتوونەتە سەر جادەی نیوان شارەکان، وەکو ژووری حەوانەوە دروستکراون. هی سەر ئەو جادانەی کە هاتووچۆی بازرگانی تیدا گەرمە، رووبەری ئەو ژوورانە بە هۆی سەکۆی لە داریان لە خشت دروستکراو فراوانتر کراون (وینە ١٥).




وینە (٦١) سولاکەی ئاوی باران لە خانی ناسرییە

ئەو سەكۆيانەی دەرەوەی دەروازە بە هۆی سايەوانيكی (سابات) سادە لە تيشكی رۆژ پاريزراون. كە شەو داديت كونجی فرۆشگاكان وەكو فرۆشگای ناو بازار بە هۆی تەختەيەكی دارين پيوەدەدرين. هەر ئەو تەختەدارەشە كە لە كاتی كردنەوەی دوكانەكان وەكو سەكۆ بەكارديت. دەزگاكانی ناوەوەی كاروانسەرا شارييەكانی ناو بازارەكانيش شتيك لەوانەی نيوان شارەكان باشتر نين (تەختە VII).

پيشتيرەكانيش وەكوو ژوورەكانی حەوانەوە بە سادەيی باربووكراون. ئەگەر بكريت ئەوا كەرو ولاخەكان هەر لە نزيك خاوەنەكانيان شوينيان بۆ دەكريتەوە. بۆيەشە لە دەوروبەری سەكۆی حەوشەو پيش كونجەكانی حەوانەوە و رارەوی پشتيرەكان لەملاو ئە ولای پليكانەكان سنگی بچووك بچووكی دار، يان ئەلقەو زنجيری ئاسن داكوتراون و بۆ بەستنەوەی كەرو ولاخەكان، كە هەموو لە كاتی وەستاندا سەريان دەكەويتە لای كونجی حەوانەوەو تورەكەی ئاليكيان بە رۆخی سەكۆكانيان بە ديواری كونجی حەوانەوە شۆركراونەتەوە، بەم شيوە هەم ئاژەلەكان بە ئاسوودەيی لەوەری خۆيان دەكەن، هەم خاوەنەكانيان دەيانبينن و كاروانچيەكان لە دزينی خۆراكی ئاژەلەكانيان لەلايەن كاروانچی ترەوە دلنيا دەبن. لە خانی (جيتان) لە رووی دەرەوەی ديواری پشتيرەكەی بەلای حەوشەوە، ئاخوری تايبەتی نيوە بازنەيی بە گومەتۆكە سەرگيراو دروستكراون، دوودانەش بۆ هەر كونجيكی حەوانەوەی ئەوبەرەكەی تر دروستكراون (وينە ٦٢). لە نيوانی هەر دوو ئاخوردا، داريكی بەستنەوەی جلەوی ئاژەلەكان قايمكراوە. لە خانەكانی (سوس)يشدا لە ئاسيای بچووك، ديوارەكانی دەرەوەی بينا ميچچەماوەكانی ئاخور و ئەلقەو زنجير بۆ بەستنەوەی چوارپييان جيگيركراوە. هيچ خانيك وەكو خانی حەجاجان لە كەربەلا لە چاو ديوارەكانی ئاخوری وا گەورەی دروستنەكراوە (وينە ٦٣). ئاخورەكانی ئەو خانە ١,١٠ م دريژ و ٠,٤ م قوولن.



وینە ٦٢: ئاخور ولاخان لە خانی جیتان




وینە ٦٣: ئاخوری ولاخان لە خانیکی حەجاجان لە کەربەلا


## د-ئاودەستخانە

ئاودەستخانەش بۆ كاروانسەرا شتیكی بێبایەخ نیە. ئەو دەزگایەش وەكوو لە هەموو لاییكی رۆژهەلاَت دەبینرێ، تا بلیی سادە و پیسوپلۆخ رادەگیرێ. بە شیوەیەك گەر بكریت كاروانچیان بۆ قەزای حاجەتی خۆیان رودەكەنە ئاقاری ئازادی دەوروبەر. لە كاروانسەرا كۆنەكان سەراو (ئەدەبخانە، یان كەنیفە) خراوەتە ناو خودی بینای كاروانسەرا، ئەویش لە ژووری بچووكتر لە كونجەكانی حەوانەوە (وینەو ٦٤ و ٦٥). زۆربەشی خراونەتە ئەو كونجە شیوە زاریانەی كە لە ئەنجامی گەیشتنەیەكی ریزی كونجەكانی تری كاروانسەرا لە گۆشەكان هاتوونەتە ئارا، وەكو لە خانی مەحموودیە دەیبینین. لە هەر شوینیك بیناكان كەلووی پاسەوانی گۆشەكانیان هەبیت، ئەوا ئاودەستیش لە ژیرەوەی دامەزراوە. هەروەك لە خانی جیتان و پاسنگان وایە.

لە سەدەی پیشوو دەزگای ئاودەست نەخراوەتە نیوانی ژوورەكانی حەوانەوە. لە كاروانسەرا نویكانیش ئاودەست نەخراوەتە ناو بیناكانیان، لە هەندیك لە كونەكانیان پاشتر ئاودەست لە ناوەوەی حەوشەكانیان دروستكراون. جا ئەوەتە خراوەتە پال سەكۆی حەوشە یان بە تەواوی بە ئازادی لە نیوان سەكۆ و ژوورەكانی حەوانەوە هەلكەوتوون. ریزی سییهەمی (تەختە X) (وینە ٦٤ و ٦٥) وینەیەكی ئەو شیوەیە پیشاندەدەن.


لە شارەكان بە شیوەیەكی ئاسایی ژووریكی گەورەی نهۆمی زەمینیی، كە بەرەو حەوشە بە تەواوی والایەو بە نیوانە دیواری بچووك بچووك دابەشكراوە، كراوەتە شوینی ئاودەست. لە خانی ماردین لە نهۆمی زەمینی و نهۆمی سەرەوە كرۆكی دینگە زەبەلاحەكانی گۆشەكانی باشووری كراوەتە تەوالیت. لە نیوانی هەموو ئەو دەزگا پیسوپلۆخانە، دەزگای ئاودەست لە خانی (گومروك)ی شاری ئورفە لە خاوینیدا شایانی

سەرنجە، هەروەك (بوكینگهام) لە سەردانەكەی لە سالی ١٨٢٨ سەرنجی داوەتێ، كە تا ئیستاكەش هەر ماوە. جۆگەلە ئاویك بە پشتی دەرچەیەكی كەوانەیی دادیت، بە شیوەیەك كە هەر كونجە ئاودەستیك بەردەوام ئاوی پیدادەروات. لەناو هەر كونجیكیش بە دەستی چەپی هەریەك لە جورنەكان بۆریەكی تری ئاویش جیادەبیتەوە، كە ماوەی پیسایی جورنەكان خاویندەكاتەوە. بە شیوەیەكی سروشتی ئەو ئاسان دروستكراوە، چونكە خانەكە خۆی لەسەر چۆمیك دروستكراوە، كە ئاوەكەی بە ناوەراستی حەوشەدا دەرواو ئەملاو ئەولای بە دیوار گیراوەو ئاوەكەی بە ئاسانی لقی بۆ ئاودەستەكان لی كراوەتەوە. لە خانی شاسولتان حوسینیش دەزگاییكی لەو بابەتە هەیە. چونكە وەك لە پیشتر باسمان كرد چۆمە ئاویك بەهەر دوو حەوشەكەی ئەمیشدا شۆردەبیتەوە.




خانی بەنی سەعد — خانی جیتان — خانی مەشاهید


وینەی ٦٤: دامودەزگای ئاودەستخانە لە كاروانسەراكانی میزۆپۆتامیا





خانی ناسریه




خانی بیئرەنوس



خانی مەحموودیە




خانی ئەسەد

**ئەوانەی دوایی نموونەی ئەو دەزگایانەن کە بە ئازادی لە حەوشە بنیاتنراون**

**وینە ٦٥: دامودەزگای ئاودەستخانە لە کاروانسەراکانی میزۆپۆتامیا**

# دوا وشه

لـه تيكـراى ئـەو كاروانســەرايانەى كـە باسمــان ليوەكــردن، ســەرەراى هــەموو جياوازييــەكانى نيوانيــان، ليكچوونيكــى گشــتى پيشــان دەدەن و هــەموويان شــيوازە بيناييكى وەك بيناكانى ئاسياى نزيك دەخەنە بـەرچاوان و، ئـاواش هـەمويان دەچنـەوە سـەر شـيوازى قەلاّسـازى رۆمـى، كـە كـەلاّوەكانيان لـە هـەموو لاييـك لەسـەر جـادە رۆمييەكانى سوريا دەكەونە بەرچاوان، واتە بيرۆكەى حەوشيكى چوارگۆشـەيى فـراوان. لە راسـتيدا ژوورەكـانى حەوانـەوە لـە دەزگـا رۆمييـەكان بـە تايبـەت بـۆ حەوانــەوەى هيزەكـانى سـوپا دروسـتكراون، بـەلاّم وردە وردە وەسـتا بيناسـازەكان تـەرزى ئـەو دەزگـا سەربازييانەيان لەگەلّ تەرزى ئەو كاروانسەرايانەى كە لە ئارادا هەبوون گونجاندووە و، لە دەورى حەوشەيەك ژوورە داخراوەكانيان دامەزراندووە. لە لايەكى تريـش بيناسـازى كاروانسەراكانيش كە چاويان بە حەسار و قەلاّ رۆمييەكان كەوتووە، ليـيان فـيربوون و ئەوەى بە باشيان زانيبێ گواستوويانەتەوەو لە دروستكردنى خانەكان بەكاريان هيناون. لەوانـە كـەلووەكانى گۆشـەو ناوەراسـتەكانى كاروانسـەرا، كـە بـۆ پاراسـتن و پاسـەوانى و بـەرگريكردن وەك توخميكى گرنگى پيكهاتــەى هـەندێ لـە كاروانســەراكان، لـە بينــا رۆمييەكان وەرگيراون.

نزيكە بـە هــەمان ريگــاش وردە وردە تــا رادەى وردەكاريــەكانى پيكهاتــەى بينــاى كاروانسەراكان، هەروەها پاشتر هى مەدرەسـەكانى ئيسلاميشى گرتۆتـەوەو، هـەموو لـە سـيماى پـەرتكردنى ژوورەكـانى حەوانـەو حوجـرەى وانــەكان لــە دەورى حەوشــەيەكى نـاوەكى يـەكتر دەگرنـەوە. هـەروەها مزگەوتـەكانيش ئـەو سـيمايەيان پاراســتووە. ئــەو شــيوازە ئــەوەمان پيشــاندەدات، كــە وەســتا بيناســازەكانى رۆژهــەلاّتى، بـــە تايبـــەتى

عەرەبەستانی خۆشەویستییکی تایبەتیان لەگەڵ ئەو جۆرە حەوشە داخراوانە هەبووە، کە تییاندا ژیانیکی تایبەتی دیاریکراویان تیدا هەلسوراوەو بەرەو روی هەرای دەرەوەو چاوی هاتوچۆکەرانی سەرجادە داخراون، تا رادەی ئەوەی کە ئەو تەرزە بینایە ژیانی تایبەتی هاووڵاتییانی گرتۆتەوە و خانووەکانی بەرەو دەرەوە داخراو دروستکراون و بە دەگمەن دیواری پەنجەرەیان بەرەو دەرەوە بۆ کراوەتەوەو، هەموو خۆیان لە دەوری حەوشەیەك یان پتر لەناو ژوورەکان لەبەر چاوان شاردۆتەوە.